# تەلەفۆنەکەم بە هانامەوە دێ !!

هەژین چاوشین

بەشی دووەم و کۆتایی




لەبەردەم پۆلیسێک دانیشتم، ئەو زۆر ئارام و لەسەرخۆ دەدوا، دواتر بە نەرمە خەندەیەکەوە گوتی:" حەز دەکەم ڕووداوەکەم بۆ بگێڕیتەوە" منیش ڕووداوەکەم وەکو خۆی بۆ گێڕایەوە. کاتێک من قسەم دەکرد، ئەو هەم دەنگی تۆمار دەکردم، هەمیش لەنێو کۆمپیوتەرەکەیدا دەینووسی. کاتێک تەواو بووم، ئەوسا هەندێ پرسیاری لێکردم:" ئایا تۆ لە هاوسەرەکەت داوە؟! ئایا جنێوت پێداوەو پێت گوتووە قەحپە؟! مادام لەیەکتری جیابوونەتەوە بۆچی هاتوویتە ماڵەکەی؟!، بۆچی وێنەت گرتووە؟!

لەگەڵ پرسیارەکانیدا شۆک بووم، ئاخر نەلێم دابوو، نە جنێوم پێدابوو نە لێشی جیاببوومەوە.

من لە دوایین پرسیاری دەستم پێکرد. گوتم:" بۆیە وێنەم گرت، چونکە هەڕەشەی پۆلیس و زیندانیکردنی لێکردم، بەڵام هەرگیز لێم نەداوە، جنێوم پێنەداوە، فیلمی ناو مابایلەکەم باشترین بەڵگەیە.

من دەمویست ئەوان سەیری مۆبایلەکەم بکەن و ڕاستی ڕووداوەکەیان بۆ ڕوون ببێتەوە، بەڵام وەک چاوەڕوانم دەکرد وا دەرنەچوو. ژنێک کە هەر لە وێش نەبوو، لە خۆیەوە شاهێدی دابوو کە من لێمداوەو جنێوم پێداوە. دواتر لەڕێگەی پۆلیسەوە بۆم دەرکەوت کە هاوسەرەکەم ساڵێک زووتر چۆتە دادگە و داوای جیابوونەوەی کردووەو ئاگاداری منیشی نەکردۆتەوە. ئەو زۆر جاران دەیگوت ئەگەر جیاببینەوە مووچەکەم زیاد دەکات. هەم پارەی سەرپەرستیم پێدەدەن، هەمیش کۆمەکم دەکەن. من کاری تایبەتی خۆم هەبوو، ئاگام لەوە نەبوو کە هاوسەرەکەم هێشتا لەسەر سۆسیال ماوەتەوە. جگە لە پارەی منداڵ، پارەی سەرپەرستی منداڵیش وەردەگرێ. بەوهۆیەوە نەمدەزانی چی بە کابرای پۆلیس بڵێم. ڕاستیەکەی من ئاگام لەو بینەو بەردەیە نەبوو. تەنیا پێمگوت:" من جیانەبوومەوەتەوە، ئاگاشم لە هاوسەرەکەم نیە کە بە دزییەوە چۆتە دادگەو فۆڕمی جیابوونەوەی پڕ کردۆتەوە. تەواوی ئەو فۆڕمانەشی لە جێگەی مندا ئیمزا کردووە. من دەمتوانی بەوهۆیەوە کێشەکەی لێ قورس بکەم، بەڵام ویژدانم ڕێگەی پێنەدام.

من قسەکانی خۆم کرد. پۆلیسەکە سەری سوڕمابوو، ئاخر هاوسەرەکەم داوای لەسەر تۆمار کردبووم، ژنێکی دیکەش شاهێدی دابوو، بەوهۆیەوە باوەڕکردن بە قسەکانی من ئاسان نەبوو. ئەو شەوە لە پۆلیسخانە مامەوە. ژوورێکی تەنیا. تەختێکی نووستن، مێزو کورسی تێدابوو، بەڵام هیچ پلاکێکی کارەبای تێدانەبوو، گلۆپەکە ڕۆشن بوو، لە قەد دیوارەکەش کارێزێک هەڵبەسترابوو، پەرداخێکی نایلۆن داندرابوو. واتە دەتتوانی ئاو بخۆیتەوە. بۆ ئاودەست دەبوایە زەنگ لێ بدەی. ئەوسا یەکێک دەهات و بەرەو دەست شۆرەکەی دەبردی. هەرچەندە ناخۆش نەبوو، بەڵام مانەوە لە پۆلیسخانە ئەگەر بۆ میوانیش بێ هەر ناخۆش و دڵتەنگی بەدواوەیە.



ئەو شەوە خەو توورندی ببوو، بۆ لای من نەدەگەڕایەوە. هەرچۆنێ بوو شەو گوزەراو بەیانی داهات. کاتژمێر ٩ی بەیانی پۆلیسێک هەندێ خواردنی بۆ هێنام، من ڕەتم کردەوەو نەمخوارد. ڕۆژی پێشتریش هیچم نەخواردبوو. ئەوان وا تێگەیشتن کە مانم لە خواردن گرتووە. زۆر هەوڵیان دا کە نانی بەیانی بخۆم. هەوڵەکەیان بۆ سوود مایەوە. من خواردنم بۆ نەدەخورا، تەنیا بیرم لە درۆکان دەکردەوە، ئاخر تا چەند چرکەیەک پێش هاتنی تەلەفۆنە ناوەختەکە هیچ گرفت و ناخۆشیمان نەبوو. نەمدەزانی ئەو هەموو درۆیە سەرچاوەیان لە چییەوە گرتووە!! من دەمزانی بۆچی ژنەکە لە خۆڕاوە شاهێدی درۆی داوە. من ڕقم لەو ژنە دەبۆوە، حەزیشم نەدەکرد هاوسەرەکەم تێکەڵاوی بکات. ناوبانگی ئەو ژنە بەخراپە ڕۆیشتبوو. خەڵک بە چاوی سووک لێیان دەڕوانی. تێکەڵاویکردن لەگەڵ ئەو ژنە ئاکامی خراپی لێدەکەوتەوە، بەوهۆیەوە ئامۆژگاری هاوسەرەکەم کردبوو کە وازی لێبهێنێ، تەنانەت من خۆشم داوام لەو ژنە کردبووە کە وازمان لێبهێنێ.

کاژمێرە بەرەو دوازدە دەڕۆیشت، جارێکی دیکە پۆلیسەکە هاتەوە، دەرگەی کردەوەو بەرەو ژوورێکی دیکە ڕێنوێنی کردم. پۆلیسێکی بەتەمەن پێشوازی لێکردم و خۆی پێناساندم، منیش خۆم ناساند، ئەوسا بە جووتە دانیشتین. سەری باسەکەی کردەوە. ئەویش داوای لێکردم ڕووداوەکەی بۆ بگێڕمەوە، من پێمگوت:" دوێنێ هەموو باسم کردووە، لەوە زیاترم نیە، بەڵام ئەگەر دەتانەوێ ڕاستی ڕووداوەکە بزانن فەرموو سەیری مۆبایلەکەم بکەن. ئەو گوتی:" ئاخر هاوسەرەکەت سکاڵای ئەوەی تۆمارکردووە کە بۆچی وێنەت گرتووە" منیش وەڵامم دایەوەو گوتم:" ئەگەر وێنەم نەگرتبایە لەوانەیە ساڵێک لە زیندانتان ڕادەگرتم! ئێستا من بەڵگەی باوەڕپێکراوم هەیە، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن و یاسا پەیڕەو دەکەن، فەرموون سەیری فیلمی ناو مۆبایلەکەم بکەن"

پۆلیسەکە قسەکانی منی بە هێند وەرگرت. ئیتر منی ڕەوانەی ژوورەکەم کردەوە. من لەوە دڵنیا نەبووم کە سەیری مۆبایلەکەم دەکەن یان نا؟! بەڵام دەمزانی ناتوانن لە خۆڕاوە لە زیندان بمهێڵنەوە.

هێشتا جێگەی خۆم لە ژوورەکەم خۆش نەکردبۆوە کە پۆلیسێک هات و فراوینی بۆ هێنام، من وەکو پێشوو ڕەتم کردەوە. ئاخر خواردنم بۆ نەدەخورا. درۆکان سەرسامیان کردبووم. من و ئەو یەکترمان خۆش دەویست، چۆن لەیەکەمین چرکەی ناخۆشیدا ئەو هەموو درۆیە ڕیز کرابوون، خۆ ئەو دەیزانی ئەوانە زیندانی کردنیان بەدواوەیە.

من لەنێو لێکدانەوەکاندا نغرۆ ببووم، دیسانەوە خڕەی دەرگە هات و کرایەوە، پۆلیسەکە هات و بە بزەیەکەوە سڵاوی لێکردم و پێیگوتم : ' ئیتر تۆ ئازادیت! مۆبایلەکەت ڕاستیەکانی ئاشکرا کرد"

لە پۆلیسخانە هاتمە دەرێ، نەمدەزانی بەرەو کوێ بڕۆم! ئاخر چوونە ماڵەوەم لێ قەدەغە کرابوو. هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندەوە ئۆتۆمۆبێلەکەم، سولفێکم لێداوە بێ مەبەست بەڕێ کەوتم. ماوەیەک لە شەقامەکاندا سووڕامەوە، دواتر چوومە کافتریایێک و تۆزێک حەسامەوە.

خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت، دەبوایە بەرەو هۆتێل بڕۆم، بەرەو ئەو ئامانجە ملی ڕێگەم گرتەبەر. لەبەردەم هۆتێل ڕاوەستام و دەستم بۆ گیرفانم برد، تەنیا ٢٠٠ کرۆنم لە گیرفان دابوو. ئەوەش بەشی هوتێلی نەدەکرد، کارتی بانک و شتەکانی دیکەشم لە گیرفان دا نەمابوون. قەدەرێک دامامم، دوای بیرم کەوتەوە کە ڕێبواران دەتوانن لە شوێنی حەسانەوەی قەراغ ڕێگەکاندا لەنێو سەیارەکانیاندا بخەون. ئەو شەوە لە شوێنی حەوانەوەی ڕێبوارانداا لە قەراغ ڕێگەدا مامەوەو لەنێو سەیارەدا لێی خەوتم. مۆبایلەکەشم چارچی نەمابوو، نەدەمتوانی تەلەفۆن بۆ کەس بکەم، نەکەسیش دەیتوانی تەلەفۆنم بۆ بکات.

بەیانی زوو وەئاگا هاتم، بەرەو تەوالیتەکە ڕۆیشتم، دەموچاوم شووشت، ڕیشم تاشی. ئەوسا سولفێکم لێداو خۆم گەیاندە نزیکترین شار. ڕۆژانی شەممە درەنگ بازاڕ دەکرێتەوەو زووش دادەخرێ. ئەو پارەیەی لە گیرفانیشم دابوو بەشی بەنزین و خواردنی نەدەکرد. کورد گوتەنی سەفەر بەلگ هاتبۆوە. قات و قڕی بوو. دەبوایە تا ڕۆژی دوو شەممە بیگوزەرێنم، ئەو کاتە دەمتوانی بچمە بانک و هەندێ پارە لە کۆنتۆکەم دەربهێنم.

بۆ ڕۆژی شەممەو یەکشەممە ١٠٠ کرۆنم بۆ بەنزین داناو سەد کرۆنیشم بۆ خواردنی سەرپێی مایەوە. ئیدی خۆم گەیاندە بازاڕێکی گەورە، تەلەفۆنەکەم لەسەر شەحن دانا.هێشتا چەند خولەکێک نەگوزەرابوو کە زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا. هاوڕێیەکی خۆشەویستم بوو، بە نیگەرانیەوە پرسی:" برا ئەوە لە کوێی هاوسەرەکەت و منداڵەکانت پرسیاریان دەکردیت، پەرۆشت بوون، نەیاندەزانی چیت بەسەر هاتووە" من تێگەیشتم کە هاوسەرەکەم ڕووداوەکەی بۆ نەگێڕاوەتەوە، بەڵام نەمویست درۆی لەگەڵدا بکەم، هەمووم بۆ گێڕایەوە. ئەو زۆر نیگەران و دڵتەنگ بوو. داوای لێکردم کە بچمە لای ئەو. ڕۆیشتن بۆ لای ئەو بەنزینی زۆری دەویست، نەشدەکرا کە بڵێم پارەم لانیە، ئەو موکڕبوو کە دەبێ بچمە لای ئەو، هەرچۆنێ بوو سگی خۆم گوشی و بەرو لای ئەو ڕۆیشتم.

من بڕیارم دابوو کە ئیتر چاوم بە چاوی خێزانەکەم نەکەوێتەوە، بەو بڕیارەوە سەری خۆم هەڵگرت، ئیدی نەگەڕامەوە. ئێستا جار جارە سەردانی منداڵەکانم دەکەم. بە تاسەوە لەباوەشیان دەگرم و ماچیان دەکەم.

# کێشەکانی ژن بە دەستی خۆیەوە قوڵتر دەکرێتەوە

سۆزان عەبدولڕەحمان - هۆڵەندا

لەژمارەی ڕابردوو **هەفتەنامەی ڕۆژی گەل** دا بابەتێکی تاقگەخانم خوێندەوە کەباسی کێشەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی پاشکۆی پیاو سالاری کردبوو. من سەد لەسەد پشتیوانی لە ڕاکەی تاقگەخان دا دەکەم. پێموایە ئەو ڕێکخراوانەی کە ئێستا حزبەکان بۆ ژنانیان دروست کردوون نەک هەر زیانێکی گەورەیان بە کێشەی خودی ژن گەیاندووە بەڵکو ڕێگرێکی گەورەی بەردەم پێشکەوتنەکانی ژنانیشن. ئەو ڕێکخراوانەی کە حزبە کوردستانیەکان بەناوی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمانەوە دروستیان کردوون تۆزقاڵێک هاوکاریان بە کێشەکانی ژنان نەکردووە، هەمیشە ئەو قەوانانەیان لێداوەتەوە کە حزبەکان پێشتر لێیان داون یان بۆیان ڕەوانە کردوون.

ئەو حزبانە بۆ چەواشەکردنی ژنان چەند ئەندامێکی خۆیان ڕەوانەی پەرلەمان کردووە، پۆستی وەزیریشیان بە هەندێکیان سپاردووە. من دڵنیام ڕەوانەکردنی ژنان و پێدانی پۆستی وەزارەت لە پەرۆشی بۆ کێشەکانی ژنان نیر، بەڵکو بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەمریکایە کە ڕێنوێنی کردوون و بۆی داناون کە دەبێ ڕێژەی ژنان ٢٥% بێ دەنا ئێستا تاکە ژنێکیش لەنێو پەرلەمان و وەزارەتدا بەدی نەدەکران.

ئەو ژنانەی کە کراونەتە ئەندامی پەرلەمان یان پۆستی وەزارەتیان پێدراوە، هەر هەموویان پشتگیری کراون، هاوسەر یان خوشک یان کچی شەهیدانن و بۆ ڕازیکردنی دڵی بنەماڵەکانیان جێگەیان کراوەتەوە. ژنی وایان تێدایە کە هەر ئاگاشی لێ نەبووەو پرسیشی پێنەکراوە و کراوەتە وەزیر. ژنی وا کراوەتە ئەندام پەرلەمان کە هەویێ هەیەو نەیتوانیوە داکۆکی لە مافی خۆی بکات، ئەی چۆن دەتوانێ داکۆکی لە مافی دیترانداا بکات؟!

ئەگەر سەیری حزبەکانی کوردستان بکەین، زۆربەیان ژنانیان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و ڕیکلام کردن و پڕوپاگەندە پێویستەو بیریان دەکەوێتەوە. لە زۆربەی حزبەکاندا ڕێگەی گەیشتن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەبەردەم ژنان دادەخرێ. خۆ ئەگەر ژنان نەگەنە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی هەردەم وەکو پاشکۆ دەمێننەوە. لەهەندێ حزبی دیکە بۆئەوەی پێیان بگوترێ کە ژنان گەیشتوونەتە کۆمیتەی ناوەندی، چەند ژنێک دەهێنن و وەکو لەستۆک کایەیان پێدەکەن، پێشانی شاندەکانی وڵاتان و حکومەت و حزبەکانی دیکەیان دەدەن.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ کێشەکەمان بەرەو سەرکەوتن بڕوات دەبێ خۆمان ڕۆڵی خۆمان ببینین و چاومان لە دەستی پیاوان نەبێ کە خێرمان پێ بکەن، کورستی پەرلەمان یان پۆستی وەزارەتمان پێ پڕ بکەنەوە. ئەگەر هات و ئێمەی ژنان و ئافرەتانی کوردستان سازش لەسەر مافەکانی خۆمان نەکەین، کاتێک حزبەکان پیویستیان بە دەنگی ئێمە هەیە، ئێمە گوشاریان بخەینە سەرو مەرج و داواکانی خۆمان بسەپێنین. حزبەکان لەڕێگەی ئەو ڕێکخراوە پاشکۆیانەوە یاری بە کێشەی ژنان دەکەن، چۆن بیانەوێ ئاوا ڕێنوێنمان دەکەن و ڕەوانەی سەر سەندوقەکانی دەنگدانمان دەکەن. ئەگەر ئێمەی مێینە دڵپاک و سادە بیر نەکەینەوە، حزبەکان ناتوانن فریومان بدەن و دەنگی ئێمە مسۆگەر بکەن، کاتێک دەنگی ئێمەش مسۆگەر دەکەن، ئەوسا بە ئارەزووی خۆیانەوە کەسوکاری خۆیان بە نوێنەرایەتی ئێمەوە ڕەوانەی پەرلەمان و کابینەی حکومەت دەکەن.

گرفت لەوە دانیە کە ژنان و نەخوێندەوار و کابانی ماڵەوە فریو دەدرێن، بەڵکو ژنانی خاوەن بڕوانامە دەبنە چاوەش و ژنان لە خشتە دەبەن و ڕۆڵی جارچی بۆ حزبەکان دەبینن، لە زۆربەی کاتەکانیشدا ئەو ژنە خاوەن بڕوانامانە ڕەوانەی پەرلەمان و کابینەی حکومەت ناکرێن، بەڵکو ئەو ژنە خوێندەوارانە ناچار دەکرێن کە زوڕنا بۆ ژنانی کەسوکاری بەرپرسەکان لێ بدەن و بەشان و باڵیان هەڵبڵێن.

من ڕێزی زۆرم بۆ هەموو ئەو ژنانە هەیە کە ئەندام پەرلەمانن یان پۆستی وەزیریان پێ سپێردراوە، بەڵام ئەوانیش بەموو ناتوانن لە بەرنامەی ئەو پیاوانە لابدەن کە لەو شوێنانەدا جێگەیان کردوونەتەوە. واتە ئەو ژنانە بە ماندووبوون و لێهاتوویی خۆیان ئەو پلەیەیان وەرنەگرتووە هەر بۆیەش ناتوانن دەنگی نەرێ لەبەرانبەر خواستی پیاواندا بەرز بکەنەوە.

ئەگەر بەوردییەوە سەیری ئەو مێزگەردو سیمینارو کۆبوونەوانە بکەین کە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمان و ئەوانی دیکە ناوە ناوە ئەنجامی دەدەن، بۆمان دەردەکەوێ کە قسە و لیدوانەکانی ئەو ژنانە خۆی لەخۆیدا ڕاستیەکان پەردە پۆش دەکات و کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ کێشە خۆمان بەرەو سەرکەوتن ببەین و مافەکانی خۆمان وەدەست بێنین، بە سەردولکەو پاڕانەوەو خایش ولاونەوە پێک نایەت. ئەو پیاهەڵدان و پرسەگرتنەی کە بۆ دوعا و شەوبۆ و دەیانی دیکە بەڕێوەچوون، برینەکانی ئێمەیان سارێژ نەکرد. کێشەو گرفتی سەدان ژنی ژێر هەڕەشەی یەکلایی نەکردەوە. چارەسەری ئەو خۆکوشتانەی نەکرد کە ڕۆژانە لە ڕێگەی هەواڵەکانەوە گوێمان لێ دەبێ، کەواتە ژنان بەدەستی خۆیانەوە ئاگری خۆکوژی و خۆسووتاندن و خۆ کوشتن خۆش دەکەن.

ئەگەر ڕۆژێک دادگەیەک پێک بێ و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو سەرکردەو حزبانە بکات کە بکوژانی ژنان و کچانی کوردستانیان لە ژێر باڵی خۆیاندا شاردۆتەوە، دەبێ کۆمەڵێک لەو ژنانەش ڕاپێچی بەردەم دادپرس بکرێن کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانیان کردووەو هەڵمەتی چەواشەکارییان بۆ بەرنامەی پیاوسالاری پەڕە پێداوە.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەو ژنانەی کە لە پەرلەمان نوێنەرایەتیمان دەکەن، ئەوانەی لە جیاتی ئێمەوە پۆستی وەزیرییان وەرگرتووە بە دەگمەن نەبێ لەسەر کێشەی ژنان وەدەنگ نایەن. کاتێک ڕووداوێک دەقەومێ، ئەوانیش دەمیان دەقرمێ. ئەگەر حزبەکان شتێکیان گوت، ئەوسا ئەوانیش زمانیان دەکرێتەوەو دێنە گۆ. ئاخر کەی ئەو ژنانە لە دانیشتنێکی پەرلەماندا کێشەکانی ژنانیان هێناوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە؟! ئایا ئەو ژنانە بوێری ئەوەیان تێدا هەیە کە لەبەرانبەر ئەو بەرپرسانە دەنگ بەرز بکەنەوە کە مافی ژنان لەژێر پێ دەنێن و دیاردەی فرەژنی زیندوو دەکەنەوە؟! ئایا ئەو نوێنەرانەی ئێمە نازانن کە ئەو یاسایانەی کە ئێستا فەرمانڕەوایەرتیان پێ دەکرێ هەر هەمووی لە بەرژەوەندی پیاو سالاری و بەرپرسە ژن کوژەکان دا دێنەوە؟!